# یادی هە ڵەبجە لە سویسرا بە رز راگیرا .

ئێوارەی 16.3.2007 لە شاری ستگاڵن  لە بنکەی کابی یادی هەڵەبجە بەڕێوە جوو،
سەرەتای یادەکە بە داگیرسانی مۆم ودەقیقەیەک وەستان بۆرێزلێنان لە قوربانیانی ئەم کارەساتە دەستی پێکرد. بە شی یە کە می یادەکە وتاری لایەنەکان  بوو ،
وتاری حیزبی کۆمونستی کرێکاری عێراق لە لایە ن نەبەز سە لیم سکرتێری کۆمیتە ی سویسرای حکک  وە خویندرایە وە ، لە بە شێکی وتەکەیدا ویڕای هاوخەمی حیزب لە گە ڵ
 خە ڵکی هەڵەبجە و کوردستاندا ئیدانکردنی ئەو تاوانە ،هاتە سە ر ڕێگە چارە ی پێشنیارکراوی حیزب بۆ ڕیگە گرتن لە دووبارە نە بونەوە ی هە ڵەبجەیەکی تر بە سە ر خە ڵکی کوردستاندا و جیابونە وە وپێکهێنانی دەووڵەتێکی غەیرە قەومیی غەیرەمەزهەبی .
پاشان ووتاری ریکخراوی دژی نەژاد پەرستی لە سویسرا لە لایەن ئەبونەوروز خوێندرایەوە ،
لە وتەکە یدا ویڕای هاوخەمی خۆیان، هاوپشتی خۆیان بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان
راگە یاند و ئیدانەی ئەو تاوانە گەورەیەیان کرد ، ئومێدیان خواست کە چیتر تاوانی لەوجۆرە دوبارە نەبێتەوە .
وتاری کۆنگرەی ئازادی عێراق لە لایە ن سە ردار حامید خوێنداریەوە لە بە شێکی ووتەکەیدا ویڕای هاوخەمی کۆنگرەی ئازادی لە گەڵ خە ڵکی کوردستان وە زەرورەتی دادگایی کردنی تەواوی ئەو دەوڵەت و لایەن و کۆمپانییانەی کە دەستیان هە بووە لە پێدان و دروستکردنی ئەوچەکە قەدەغەکراوانە بە دەوڵەتی فاشستی بەعس وە سرینەوەی هەمووئاسەوارەکانی ئەو چەکانە لە سەر خەڵک وژینگەی ناوچە کە.
بەشی کۆتایی یادەکە گفتوگۆی ئازاد دەستی پێکرد لە سەر داهاتوی خەڵکی کوردوستان وعێراق و ڕێگە چارە بۆ کێشە ی خە ڵکی کوردستان .

**کۆمیتەی یادکردنەوەی کارەساتی هە لەبجە لە سویسرا**

17.3.2007

www.wpiraq.net

www.cabi-sg.ch

www.ifcongress.com


WORKER
COMMUNIST PARTY
OF IRAQ


Irakischer


OF IRAQ


WORKER
COMMUNIST PARTY
OF IRAQ
DAVOS

